**ووتاری بەڕێز بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە، لە مەراسیمی یادی ١٠ ساڵەی کۆچی دوایی دۆستی کورد، خاتوو دانیال میتران**

٢٠٢١/١٢/٧

بەڕێز خاتوو ڕێواس فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
بەڕێز ژیلبەرت میتران کوڕی خاتوو دانیال میتران و فڕانسوا میتران
بەڕێز کونسوڵی گشتی کۆماری فەڕەنسا لە هەولێر
بەڕێزان وەزیر و پەرلەمانتار و نێردە دیپلۆماسیەکان لە هەرێمی کوردستان
ئەم کاتەتان باش و هەموو لایەک بەخێربێن.

شەرەفمەندین ئەمڕۆ لێرە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێوەی بەڕێز بەشدار دەبین لە یادی ١٠ ساڵەی کۆچی دوایی دۆستی هەرە نزیکی گەلەکەمان خاتوو دانیال میتران.

بێگومان گەلی کوردستان هیچ کات ڕۆڵی مرۆڤدۆستانەی خاتوو دانیال میتران ، کە بە دایکی کورد ناسراوەو سیاسەتی بوێرانەی هاوسەرەکەی فرانسوا میتران سەرۆکی پێشووتری فەرەنسا بۆ پشتگیری لە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە بیر ناکات. ئەم یادکردنەوەیەش وەفایەکە بۆ هەموو ئەو یارمەتی و پشتگیریانەی بەدرێژایی تەمەنیان پێشکەشی گەلەکەمانی کرد.

خاتوو دانیال میتران، وەک کەسایەتیەکی سیاسی و هاوکات خێرخوازیش سەیر دەکرا. بە درێژایی تەمەنی پشتگیر و هاوکاری میللەتانی ژێردەست بووەو لە هەموو بوارێکدا چالاک و لێهاتووبوو، لەساڵی ١٩٨٦ دامەزراوەی فەرەنسای ئازاد (فرانس لیبەرتی»ی دامەزراند کە یارمەتیدانی گەلەکەمان و لێقەوماوانی کوردستان یەکێک بوو لە ئامانجەکانی ئەو دامەزراوەیە.

خاتوو میتران لە نزیکەوە ئاشنای خەبات قوربانیدانی گەلی کوردستان بوو بۆ ئازادی و دەرچوون لە زوڵم و ژێردەستی. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕۆلی خۆی بینی لە پشتگیری گەلی کوردستان، لەناوەندەکانی بڕیار لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

هەر ئەو بوو فشاری خستە سەر هاوسەرەکەی فڕانسوا میتران سەرۆکی پێشووتری فەڕەنساو نوێنەری فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی بڕیاری ٦٨٨ لە ئەنجومەنی ئاسایش دەربچێت و هەرێمی کوردستان لە هێرشی دڕندانەی ڕژێمی سەددام بپارێزرێت.

ئێمە دەبێ ویژدان زیندوو بین و هیچ کات چاکەی دۆستانمان لەبیر نەکەین. ئەو دۆستایەتی و میهرەبانییەی خاتوو دانیال بۆ گەلی کوردستان هەیبووە لە بوارەکانی مرۆیی و سیاسی و ڕۆشنبیری نەک لە ووتارێک بەڵکو لە کتێبێکی چەند بەرگیش جێگەی نابێتەوە. ئەوەندە بەس بوو لە ڕۆژە سەختەکان هەر سەرۆک وڵاتێک ڕووی لە فەڕەنسا بکردایە ئەو داوای لێدەکردن کە پشتگیری لە گەلی کوردستان و دۆزە ڕەواکەی بکەن. هەر بە پشتگیری ئەویش بوو ئەنیستیتۆی کوردی لە پاریس کرایەوە.

خاتوو میتران بە یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی گەلی کوردستان و گەلی تیبتیەکان دەژمێردرێت. لە ساڵی ١٩٨٩ زیاتر لە ٢٠٠ خێزانی ئاوارەی کەمپەکانی تورکیای بەرەو فەرەنسا بردن و ژیانێکی شایستەی بۆ دابین کردن. ئەو لە رۆژگارە سەختەکان و لە کاتی کیمیابارانکردن و ئاوارەیی گەلەکەماندا، هاندەرێکی گەورەی جیهان بووە بۆ یارمەتیدانی کورد و ڕزگارکردنی لە نەهامەتییەکان، هەر لەبەر ئەوەشە بە "دایکی کورد" ناسراوە. لەو میانەیەشدا وەك وەفایەك و خۆشەویستییەك بەرامبەر بە هەڵوێستە دیارەکانی، چەندین شوێنی گشتی لە کوردستان بەناوی ئەو خانمەوە ناونراون.
لەدوای راپەڕین و دروست لەساڵی ١٩٩٢ بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاشنای بارودۆخی هەرێم بێت و شوێنەواری ئەنفال و کیمیاباران و سوتماکی خاکی کوردستان ببینێ، سەردانی هەڵەبجەی کرد و چەپکە گوڵی لەسەر گوڵکۆی شەهیدان دانا. لەکاتی گەڕانەوەی لەنێوان هەڵەبجەو سلێمانی کاروانەی دووچاری هەولێکی تیرۆرکردن بووەوە، سوپاس بۆ خوا بە سەلامەتی لێی دەرچوو. دوای هەوڵە تیرۆریستیەکە رایگەیاند کە تا مردن خەباتی خۆم لەپێناوی دادپەروەری درێژە دەدەم.

هەمیشە هەڵوێستەکانی بۆ بەرگری کردن بوو لە گەلانی ژێردەستەو کۆتایی هێنان بەچەوسانەوەو ژێردەستی. پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مافی پەروەردە دەکرد. ڕۆڵی جوامێری و مێژوویی فرانسوا میتران و خاتوو دانیال میتران لەبیر ناکرێ، کە لەچەندین قۆناغ و سەردەمی جیاوازدا رۆڵیان بینیوەو هاوکارو پشتیوانی گەلەکەمان بوونە.

لە ساڵی ٢٠١٥ سەرۆك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی دانیال میتران لە شاری هەولێر، گوتی: ئێمە هەمیشە بەچاوی دۆست و پشتیوان لە فەرەنسا دەڕوانین. بارزانی گوتی: خاتوو دانیال یەکەم کەسی بیانی بووە کە بەچاوی خۆی بینیویەتی فرمێسکی بۆ گەلی کورد رشتبێت. دانیال میتران دڵسۆزێکی بە ئەمەك و بە وەفای گەلی کوردستان بوو، بۆیە هەمیشە یادی بە زیندوویی رادەگرین.

دوای سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ دا و لە قۆناغێکی تازە، جارێکی تر فەرەنسا هاتەپێش بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری پێویست و پشتگیری بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق لە شەڕ دژی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیەدا. فەرەنسا وەک ئەندامێکی کارای هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش رۆڵی بەرچاوی بینی لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش.

ئێمە لە کوردستان، فەرەنسا وەک دۆستێکی ڕاستەقینە و هاوپەیمانێک دەبینین و هیواداریین پەیوەندیەکانمان زیاتر پەرەی پێ بدرێت بۆ هاوبەشیەکی ستراتیژیی بەهێز و درێژخایەن. ئەم شەڕە کۆتایی نەهاتووەو ئەرک و بەرپرسیارێتی هەموو لایەکمانە. بۆیە پێشبینی زیاتر دەکەین لە پشتگیری بەردەوامی دۆستانمان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە شەڕ دژی تیرۆرو کۆتایی هێنان بە مەترسییەکانی داعش.

ئێمە لە هەرێم پێزانینمان هەیە بۆ ئەو هاوکاریە مرۆییانەی کە پێشکەشمان کراوە بۆ ئەو ئاوارە ناوخۆیی و پەنابەرانەی کە لەهەرێمی کوردستان دەژین. دەمانەوێت پەیوەندییە دووقۆڵیەکانمان زیاتر فراوان بکرێت و هەموو ئەو پایانەی تر بگرێتەوە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی بەهێزی دوو لایەنە. سوپاسی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا و کونسوڵگەری گشتی فەرەنسا لە هەولێر دەکەین بۆ ئەو هەماهەنگیە بەهێزەی کە هەیانە لە پێناو زیاتر پێشخستنی پەیوەندییەکانمان.

بەهێزی پەیوەندیەکانمان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١٤ بەڕێز جەنابی سەرۆک فڕانسوا هۆلاند، سەرۆک کۆماری فەڕەنسا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگ بوو لەوکاتە سەختەدا بۆ پاڵپشتی حکومەت و گەلی فەڕەنسا و وەستان شان بەشانی حکومەت و گەلی کوردستان. دوای ئەوەش چەندین دیدار لەسەر ئاستی سەرۆکی هەردوولا لە هەولێرو پاریس ئەنجامدران.

دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، حکومەتی ئەو کاتی عیراق فشارو ئابلۆقەیەکی توندی خستە سەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و هەوڵیدا دەست بەسەر تەواوی جومگەکانی ئابووری و سیاسی و سەربازی هەرێمدا بگرێت کە ئەمەش پێچەوانەی دەستوور بوو.

هەرچەندە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان هەوڵیاندا بە دیالۆگ کێشەکانی هەولێرو بەغدا چارەسەر بکەن بەڵام بەداخەوە ئەوان هەر دەگەڕانەوە سەر حوکمڕانی ناوەندی. لەو کاتە هەستیارەدا فەڕەنسا وەک هەموو جارێک هاتەوە گۆڕەپانەکەو توانی نێوەندگیری نێوان هەردوولا بگەیەنێتە قۆناغێک کە بتوانن بە دیالۆگ پرسەکان چارەسەر بکەن. لە ساڵی ٢٠١٧ دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لەساتەوەختێکی ناسکدا لەکۆشکی ئەلیزێ سەرۆک ماکرۆن پێشوازی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو کرد.

پەیوەندی نێوان فەڕەنساو هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی شاندی باڵا ڕەنگدانەوەی هەبووە. سەرۆکی پێشووی فەڕەنسا بەڕێز فڕانسوا هۆلاند دوو جار سەردانی هەولێری کردو بەڕێز سەرۆک ماکڕۆنیش چەند مانگێک پێش ئێستا لەهەولێر بوو. دیدارو سەردانە فەرمیانە لەسەر ئاستی باڵا هیوا و ئومێدی زۆری بۆ گەلەکەمان گەڕاندەوە و ئاماژەیەک بوو کە فەڕەنسا دەخوازێ هەرێمی کوردستان ئارام و سەقامگیر و پێشکەوتوو بێت.

دووبارە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەری رێز و نەوازش بۆ گیانی مرۆڤدۆست و پشت و پەنای گەلەکەمان لە قۆناغە سەخت و دژوارەکان خاتوو دانیال میتران دادەنوێنین.